## بەشی یەکەم؛ دەروازەیەک بۆ ناساندنی چەمکەکان'مێژووی سەرهەڵدانی پارت و پارتی دیموکراتی کوردستان .

### باسی یەکەم:- دەروازەیەک بۆ ناساندنی چەمکی پارت لەگەڵ رێکخستنی جەماوەری

### چەمک و پێناسەی پارتی سیاسی

سەرەتا بە پێویستی دەزانین بەشێوەیەکی گشتی پارتە سیاسیەکان لە هەردوو رووی زمانەوانی و زاراوەیەوە پێناسە بکەین

پارتی سیاسی لەرووی زمانەوانیەوە: چەمکی پارتی سیاسی لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئیسلامی و ئێرانی وشەی حیزب بەواتای گرووپێک لە خەڵک و چەک و پەیرەوان و هاورێبازانی مرۆڤ و بەهرەو بەش یەک بەش لە شەست بەشی قورئان[١]

### پێناسەی پارتی سیاسی لە رووی زاراوەیەوە:

پارتی سیاسی لە گۆشە نیگای جۆراو جۆرەوە پێناسەکراوە چونکە لەسەر توخمی جۆراوجۆر بنیاتنراوە .بۆیە ناتوانین یەک پێناسەی گشتگیر دیاری بکەین. بەهۆی جیاوازی بیرورا مەبەستی هەر پارتێک بۆ ناساندنی پارتی سیاسی هەولدەدەین چەند پێناسەی جۆراوجۆر بخەینە روو:

ئۆستن رینی: دەچێتە نێو ململانێی هەلبژاردن بە هیوای بەدەستهێنانی پایە حکومیەکان[٢]

دڤرجە: پێی وایە حزب بریتیە لە کۆمەڵە خەلکانێکی یەکگرتوو لەسەر بنچینەی سیستەمێک[٣]

-

(١)دحوجەتولا ئەیووبی ،و ئازاد وەڵەد بەگی ، سەرهەڵدان و بەردەوامی حیزبە سیاسیەکان لە رۆژئاوا، چاپی یەکەم،(هەولێر،چاپخانەی دەزگای ئاراس،٢٠٠٧)،لا٢٤-٢٥.

(٢)د.مراد حسين الداودي ,الانضمة السياسية, الطبعة الأول, (مطبعة,اقليم كردستان العراق,٢٠١٣) ص١٢٧

(٣)مەسعود عبدالخالق،ناسنامەی حیزبە کوردستانیەکان، چاپی یەکەم، (هەولێر،چاپخانەی هیڤی،٢٠١٣) لا ٢٤

### رێکخستنی جەماوەری:

١:لەرووی رێکخستن: پارتی هەولیدا هەیکەلیەتی خۆی بەشێوەی هەرەمی دابرێژێت بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە پرۆگرامی خۆی بگەیەنیە جەماوەر و زۆرترین جەماوەر لە خۆی کۆبکاتەوە و بتوانێت

**Commented [ar1]:** دوای ناونیشانی بەشی یەکەم، کورتیەک وەکو دەروازە لە سەر ناونیشانی باسەکانی ئەم بەشە بنووسە، ئئنجا وەرە سەر نووسینی باسی یەکەم.

**Commented [ar2]:** پارتی سیاسی

**Commented [ar3]:** لەگەڵ بسڕەوە لەجیاتی فارزە دابنێ، ئینجا و پێناسەی پارتی سیاسی.

**Commented [ar4]:** هەوڵ بدە زیادە لە پێناسەیەک بخەیتەڕوو. واتە بەلای کەم دوو پێناسەی جیاواز، لە کۆتیشدا بە رستەیەکش بێت بۆچوونی خۆت بنووسە لەسەر هەر باسێک.

**Commented [ar5]:** زاراوە.

**Commented [ar6]:** ناکرێێ لە توێژینەوە بە ناو یان جێنداو قسە بکەی، بەڵکو بەشێوەی نادیار. واتە بڵێێ: بۆیە ناکرێت یان پ ءناسەیەکی گشتگیر لەم رووەوە بخرێتەڕوو.

**Commented [ar7]:** هەوڵدراوە.

**Commented [ar8]:** ئەم رستەیەت مانای نییە دەبێت دووبارە دایبرێژیتەوە، بنووسە بە رای یان ئۆستن رئین بەم جۆرە پێناسەی پارت دەکات..

**Commented [ar9]:** بنووسە لەلایەکی ترەوە دڤرجە پێوایە ....

**Commented [ar10]:** ئەم ناوە دروستە؟

**Commented [ar11]:** ئەم کەوانیە لابەرە تنەهیا بە فارزە جیایان بکەوە.

**Commented [ar12]:** شێوازی دانانی پەراوێز هەڵەیە. کە هاتیە سەردانم هاوکارت دەبم چۆئن پەروایێز دروسبکەی لە بەرنامەی وورد.

**Commented [ar13]:** دەبێت پێناسەی رێکخستنی جەماوەری بکەی نەک راستەوخۆ بێتە سەر باسی پارتی دیمۆکرات کە نموونەیی توێژینەوەکەتە.

**Commented [ar14]:** نابێ لێرە بێت و تیکەڵ بێت لەگەڵ پەراوێز.

**Commented [ar15]:** بۆ بەشی دووەم باسی بکە نەک لێرە.

جەماوەری کوردستان لەرووی رێکخستنەوە رێکیانبخات لە ئۆرگانەکانی حزب بۆیە بریاری دا لەسەر ئاستی پارێزگاکان(لق) دابمەزرێنێت و لاسەر ئاستی قەزاو ناحیەکان (ناوچە) دابمەزرێنێت و لە ئاستی کۆمەڵگا و گوندەکان (رێکخراو)دابمەزرێنێت و لە ئاستی گەرەکان (شانە و شانەی سەرەکی دابمەزرێنێت) بەم شیوەی توانی بەشێوەیەکی تەندروست بچێتە ناو جەماوەر و جەماوەر لەخۆی کۆبکاتەوە[١]

٢:لەرووی دروستکردن و دامەزراندنی رێکخراوە جەماوەری پیشیەکان: پارتی بە زووی بیری لەوە کردەوە کە هەندێ چین و توێژی ناو جەماوەر پێویستی بەوە هەیە لەژێر چەترێک کۆبکرینەوە بۆ بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە و زانستیانە مومارەسەی حازوو ئارەزووەکانیان بکەن

بۆیە بریاریدا ریکخراوی (قوتابیان و لاوان و ئافرەتان )دابمەزرێنت بەمەش توانی زۆرترین خەڵک و جەماوەر لەرێگای ئەم رێکخراوانە ریکی بخات و لەژێر چەتری پارتی دا کۆبکاتەوە[٢]

Commented [ar16]: ئەمە شوێنی بەشی دووەمە کە دێتە سەر باسی رێکخستنی جەماوەری لا لای پ.د.ک

---

(١)چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (سعید هەرکی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان .

(٢)چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (سعید هەرکی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

Commented [ar17]: گرنگە سەرپەرشتیار ئاگاداربکەیتەوە لەپێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن ...

## باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی پارت

لەبارەی پەیدابوونی حزب زۆربەی زانایان پێیان وایە فکرەی حزب یەکەم جار لە ئەوروپا سەریهەڵدا، بەشێوازێک کە لە سەرەتادا کۆمەلە خەڵکێک یەکرا دەبوون بەرامبەر هەڵبژاردن و پاشان لەناو پەرلەمان لەلایەن فراکسێۆنەکان رای جیا جیا دروست دەبوو،بەرە بەرە حزبی لێ چەکەرە بوو بەو شێوەیە مێژووی دەسپێکردنی حزب بەو پێوانەی ئێستا دەگەرێتەوە بۆ دەوری سالانی (١٨٥٠)[١],تا سالی ١٨٥٠ هیچ پارتێکی سیاسی بەم مانایە نوێیەی ئێستا نەبوو جگە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ناوچەکانی ئەمەریکا و ناوەراست و باکوور،چونکە سەرهەڵدانی پارتی سیاسی بەستراوە بە پێشکەوتنی سیستەمی دیموکراسی[٢]لە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دەستووری ساڵی ١٧٨٧ هیچ ئاماژەیەک سەبارەت بە مافی دان پێدانانی حزبی تێدا نەبوو ، وشەی حزبیش لەوکاتەدا تەیارێک بوو لە بۆچوونی سیاسی نەک دامەزراوەیەکی رێکخراو[٣]

Commented [ar18]: لیکۆڵەران و توێژەران

Commented [ar19]: بیرۆکەی

Commented [ar20]: م بسرەوە.

Commented [ar21]: خاڵ دابنێ پێش پەراوێز کۆتایی رستەیە.

---

(١)رێبوار کەریم محمود، پارتە سیاسیەکان و رای گشتی،دەزگای چاپ پەخشی حەمدی،سلێمانی،٢٠٠٩،ل٨،

(٢) مسعود عبدالخالق،ناسنامەی حیزبە کوردستانیەکان،چاپخانەی هێڤی، هەولێر،ل٣٥،

(٣)عوسمان عەلی وەیسی،حیزبی سیاسی لە کۆمەڵگای سەردەم،چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،ل١٢،

## باسی سێیەم؛ مێژووی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

Commented [ar22]: لە سەرەتایی لاپەرەی نوێی بنووسرێت نەک لە کۆتایی پەراوێز.

پێناسە و مێژوو و ڕێکخستنی حزب:

ناو؛ پارتی دیموکراتی کوردستان.(پ.د.ک)پارتێکی دیموکراتیی نیشتیمانیە، بڕوای بەمافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەلایەتی و ئازادیەکانی تاک و مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی تر هەیە لە بڕیاردانی چارەنوسیدا، لە پێناو بە دیهێنانیدا بەپێی پرۆگرامگەلێکی زانستی و بەرێگەی دیموکراسیانە و ئاشتیانەی سەرچاوەگرتوو لە ئەزموونەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی مێژووی نەتەوەی کورد و کەلەپووری نیشتیمانی و خەباتگێرانەی بارزانیی نەمرەوە تێ دەکۆشێت و سوودیش لە ئەزموونی گەلان وەردەگرێت کە لەگەڵ وەقیعی کوردستاندا دەگونجێن لە ١٦ی ئابی سالی ١٩٤٦ بە سەرۆکایەتی باوکی رۆحیی کورد(مەلا مستەفا بارزانی نەمر) دامەزراوە، سەرەتا ناوی (پارتی دیمکراتی کورد) بووە ولەکۆنگرەی سێیەمدا کەلە ٢٦ ی ١ ی ١٩٥٣، لەشاری کەرکوک بەسترا بڕیاردرا ناوی حزب بکرێتە پارتی[١].

## ئامانجەکانی پارتی:

### ئامانجە نەتەوەیەکانی پارتی:

١.پتەوکردنی پەیوەندیی برایانەو پشگیری و هاریکاری کردن لەگەل سەرجەم حزب و رێکخراوە دیموکرات و ئاشتیخوازەکان و رەوەندی کوردیدا، تا بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئامانجە نەتەوەییە رەواکانی نەتەوەی کورد بەدی بهێنرێن و کولتووری دیالۆگ و لێبوردەیی لەناو ماڵی کورددا بلاوبێتەوە و پەنابردن بۆ توندوتیژیی حەرام بکرێ.

٢.گەرانەوەی هەموو ناوچە دابراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو میکانیزمانەی لەماددەی ١٤٠ ی دەستووری عێراقی فیدراڵیدا هەن، بەوەش سنووری هەرێم بچەسپێنرێ[٢]

### ئامانجە نیشتیمانیەکانی پارتی:

١.پەرەپێدانی سیستەمی پەرلەمانی فیدراڵی و مسۆگەرکردنی بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە دامەزراوە دەستووریەکاندا.

٢.پاراستن و پەرەپێدانی هەموو ئەو دەسکەوت و ئیستیحقاقە نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کلتووریانەی بە خەباتێکی مێژوویی هوتوونەتە دی و لە بنەرەتدا بەرهەمی خوێنی شەهیدانمان و قوربانیدانی گەلەکەمان و وەڵامدەرەوەی ئیرادەیەکی ئازادانەی دلێر بوون[٣]

### ئامانجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی پارتی:

١.پتەوکردنی پویوەندی دۆستانە لەنێوان هەرێم و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای پرەنسیپی بەرژەوەندی هاوبەس و ڕیز لەیەکگرتن و دراوسێیەتی باش و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر و چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکان بەشێوازی ئاستیانە و،بەپێی بنەماکانی یاسای گشتی نێودەولەتی .

Commented [ar23]: ئەمە بخە بەشی دووەم. کە کرۆکی توێژینەوەکەتە.

Commented [ar24]: دیموکراتی

Commented [ar25]: گرنگە هەر لێرە باس لەوە بکەی تا ئێستا چەند کۆبگرەی بەستیەوە و لە ئێستادا کێ سەرۆک پارتەکیە.

Commented [ar26]: لە جیاتی چاوێکەوتن سود لە پەیرەوی ناوخۆی پ.د.ک ببینە کە لەوێی ئەم تەوەرە روونکراوەتەوە. نەک ئەنجامدانی چاوپێکەوتن.

٢.پابەندبوون بە ئارمانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێزگرتن لە گشت ئەو پەیماننامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی ناکۆک نین لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستاندا[٤]

(١)چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (سعید هەرکی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

(٢) پرۆگرام-kdp-program-kurdish

(٣) پرۆگرام-kdp-program-kurdish

(٤) پرۆگرام-kdp-program-kurdish

---

**Commented [ar27]:** مەبەستت لە پەیڕەوی ناوخۆیی پارتەکەیە؟ ئەگەر بەڵێ تکایە بە کوردی بینووسە و بە تەاوەتی ئاماژە بە زانیارەکانی ئەم سەرچاوەیە بکە.

تێبینەکانی سەپەرشیتیار:

1. کارێکی باشت کردووە، بەڵام کەم و کورتی زۆرە بەشی یەکەمت.
2. تا ئێستا وەکو سەرپەرشتیار لیستی ناوەڕۆکی توێژینەوەکەت نەناردووە بۆم.
3. ماوەیەکی زۆر بێ دەنگ بووی و سەردانی سەرپەرشتیارت نەکردووە تا هاوکارت بێت.
4. هەوڵ بدە زیاد لە پێناسەیەک لە بەشی یەکەم بنووسی واتە خستنەڕووی پێناسەی جیاواز م لە کۆتایشدا خستنەڕووی ڕووی بۆچوونی خۆتم کە لە ئێستدا ڕای خۆت بەدی ناکەم تیایدا.
5. هەست دەکەم تەواو تێنەگەیشتووی لە بابەتی توێژینەوەکەت، لە بەشی یەکەم یەکسەر هاتوویتە سەر ڕێکخستنی جەماوەری لەلای پ.د.ک. کە ئەمە واتە بەشی یەکەم بەشێکی تیورییە. باست لە وە نەکردووە ڕێکخستنی جەماوەری بە گشتی تواتە چی؟
6. لە باسی دواتر زانیاری بخەروو لەسەر دامەزراندنی پ.د.ک.
7. شێوازی ڕێکخستنی پەراوێز و نووسینی هەڵەیە، کە هاتی بۆ ئۆفیسەکەم لە کۆلێژ هاوکاریت دەکەم کە چۆن لە بەرنامەی ورد پەراوێز دادەنرێت.
8. چاوپێکەوتنت سازداوە کارێکی باشە بەڵام بەبێ ئاگاداری سەرپەرشتیار. چاوپێکەوتن شێواز و ڕێگای خۆی هەیە. هیوادارم پێم بڵێی لە کۆبوونەوەی داهاتوو کە چۆن ئەو پرۆسەیەت سازکرد.

9. دەبێت کاری زیاتر بکەیت لەسەر توێژینەوکەت و کات کەمە و دواکەوتوویی لەم قۆناغەدا.